منم شار و دارستان ... شۆعلە ونەقی



بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن .....

کۆنتێکستی جیۆگرافی لە ژیانی نالی ( ) ...سەلام ناوخۆش

شرۆڤەیەکە لە سەر شوناسی (نالی) دەکەوێتەوە

دەروازە

ئەتەکیەتی زمان و شیعریەتی زمان لە دەق و تەکنیکی هونەری و وشەبازی – pun و غەزەلنووسی نالی , توژەرە کوردەکانی ناچار کرد , کە نالی بە رابەری شیعری کلاسیکی کوردی بناسێنن .ئەو ناساندنە هیچ تەوژم و ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی لە پشتەوە نەبووە , بەکو ئەوە دەقەکانی نالی بوون , لە یەك کاتا کەمەك توژەری ئایدیا جودا هاندا لە دەرگای بدەن : بۆ نموونە دیندار و شەرعزانی کورد مەلا عەبدولکەریمی مودەریس , ەخنەگری مارکسی وەك مەسعود موحەمەد , کۆمینیستی وەك حەمەی مەلا کەریم , توژینەوەکاری وەك دکتۆر خەزنەدار و دکتۆر ەئووف عوسمان .....هتد
ئەم کورتە توژینەوەیە هەوڵ دەدا روناهی بخاتە سەر گرینگی کۆنتێکستی جیوگرافی لە دروستککردنی سۆ شوناسی جیای نالی هەروەها

هەر لە ڕۆگای دەقەکانەوە ، باسی تەمەن و حەجەکانی نالی بکات .
نالی و ململانێی میرانی کورد فاکتەری ترن لە سەر ونبوونی کەسێتی شیعری نالی .

بەشی یەکەم ، نالی سلێمانی

نالی سلێمانی باشووری کوردستان بەوە ناسراوە , کە شاعیرێك بووە (سەلما)یەکی بە نێوی (حەبیبە) وەك جزیری بۆ خۆی دروست کردووە و خۆشویستووە , جا ئەو مەحبووبەیە مەجازی –سۆفی , یان حەقیقی بێت کاری ئەم نووسینە نییە ، ئەوەتە دەربارەی مەحبووبە -حەبیبە دەڵێت :

پێم دەڵێن مەحبووبە خۆل و قیچە مەیلی شەڕ دەکا
خۆل و قیچە؟ یا ترازووی نازی نەختێ سەر دەکا

هەروەها دەڵێت:

دەستم لە گەردنی خێت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە
وە بزانە خوێنی خۆمە یا مننەتی ڕەقیبە!

سەججادی 1971 , لە ل250 دەڵێت : "نالی لە باسی دڵبەریا سەرئەکەوێ , ئاوازی وردەکاری و بەلاغەتی دەنگ ئەداتەوە و ئەڵێ:

لە دوگمەی سینە دوێنێ نوژی شەوان بەیانی دا سفێدەی باغی سەوان
لە ترسی تەلعەتت ڕۆژ هەروەکوو شەت بە ووو زەردی هەات و کەوتە کێوان

نالی –یەکەی سلێمانی هەم غەزەلنووس و ئاشق و خەوبین بە جەستەی مەستورە (کە ئیرۆتیکی لێدەرژێت) و دیندار کەسی تر نەبووە . پرسی غەزەلنووسی و ئاشقبووی بە حەبیبە و جەستەی مەستوورە زۆری قسە لە سەرکراوە ، بۆیە سەبارەت بە نالی سلێمانی تەنیا ئاماژە بە دەوری دینداری وی دەکەین .

دکتۆر ڕەئووف عوسمان 2010 , ل لە کۆنفرانسی سنە و گۆڤارەکەیاندا دەڵێت : " نالی بە چەندان وێنە ئایەتی قورئانی لە شیعری خۆیدا تەوزیفکردووە . " لە هەردوو کتێبی بەندە (شیعری ئایدیاڵژی کوردی)و (شیعری هاوچەرخی کوردی)بە درێژی ئاماژە بەوە کراوە کە نالی چۆن وەستایەکی هونەری بووە لە بەکارهێنانی ئایەتی قورئان و فەرموودە لە دەقی شیعریدا.

نالی شارەزا و بە ئاگا بووە لە (تەریقەتی نەقشبەندیی) و(قادریی) , بۆیە مێشکی خۆی بەراورد دەکا بە گومبەتی خانەقا , کە لایەکی پڕ لە چرایە , لایەکەی تری پڕە لە مژاڵی دنیایی :

نالی سەرت لە گونبەدەکەی خانەقا ئەکا لایێ پڕە لە مەشعەلە
, لایێ پرە لە مەشغەلە

کەواتە نالی سلێمانی شاعیرێکی غەزەلنووس و وەسفکار و دیندار و چالاکێکی دینی شارەزا بووە لە تەریقەتەکانی ئیسلامی.

دووەم , نالی –شام

دوای ئەوەی نالی سلێمانی بەیاری چوونە (حەج) دەدا ، لە غیابی (ئەو) کودەتایەکی سیاسی لە سلێمانی ڕووەدات.
دوای گەڕانەوەی نالی لە شام لادەدات , لەو سالم نامەیەکی بۆ دەنڕێت باسی ڕەوشی سیاسی سلێمانی بۆ دەکات . نالی چامە بە ناوبانگەی بۆ دەنڕێت ، چامەکەی نالی 42 دێر بووە ، چامەکە بە نێستاڵژیەك بۆ نیشتیمان , سلێمانی دەسپێدەکات :

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرووڕ
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

دکتۆر خەزنەدار2003 لە ل45-46 ی بەرگی سێهەمی کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا , باس لە هۆی مانەوەی نالی لە شام دەکات . لە سەردەمی میرنشینی بابان دا , سلێمانی ناوەندی کودەتای میر و میرگۆیی بووە : بۆ نموونە لە ساڵی 1844 دا ئەحمەد پاشای بابان لە کێشکی میرایەتی لادراوە و عەبدوڵڵا پاشا بە هۆزی عوسمانی لە جێی داندراو و ئەحمەد پاشا ئاوارە و دەر بەدەر بوو , نالی لەو کودەتایەدا سلێمانی چۆڵ نەکردووە , بەڵام لە نەگبەتی ساڵی 1851 دا نەگبەتیەکە لەوە دابوو ڕوخانی میرنشینی لەکەوتەوە و سلێمانی کرایە قەزایەك لە ویلایەتی شارەزوور. دەوڵەتی عوسمانی عەبدوڵڵا پاشاشی لادا و پیاوی خۆی لە شوێنی دانا .” لەو ماوەیەدا نالی لە حەج بوو , کە ئەو ڕوداوەی دوایی ڕوویدا , نالی نەهاتەوە سلێمانی بەڵکو لە شام گیرسایەوە .
ئەو گۆڕینەی سلێمانی بە (قەزا) و هەڵوەشانەوەی میرنشینەکە , سالمی هاوڕێی نالی هانداوە بە نامەیەك و چامەیەك کە بە (جانم فیدای سروەکەت ..) دەستپێدەکات نالی ئاگادار بکاتەوە .
نالی –شام دەبێتە ئەو مەلا کوردەی ، ڕەتی ئەو ستەمە نەتەوەییە دەکات , شانازی بەوە دەکات کە کوردە و بە کوردی شیعری وتووە :

تەبعی شەککەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا ئەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی لە عەمدەن وا ئەکا
با لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسوار
بۆ تەئەممول بەم هەموو نەوعە زبانی وا ئەکا

بڕەکەیی 2008 , ل580 باس لەوە دەکات کە ئەحمەد پاشای بابان لەگەڵ خۆی بۆ ئەستەمبۆلی بردووە هەروەها (کارێکی میریی) بۆ دێزیتەوە .

کەواتە نالی شام هەگری تەواو نالیەکی شەرشگری کەلامیە , کە بە دەسپکەری ناسینالیستی دەرەکی کوردی ئەژمار دەکرێت : کورد بەرانبەر تورك ! بە جۆرێك دەتوانین بڵێین لە شامەوە دەقی ناسینالی کوردی هاتە نێو دەقی شیعری کوردی .
خەزنەدار 2003 , ل 46 دەڵێت : (خەدزکە)ی زمانەوان زانیویەتی زانایەکی گەورەی کرمانجی ناوەند(مەبەست نالی یە) لە شام دەژی , بەڵام دوای گەرانەوەی نالی لە حەج چێتە ئەستەمبوڵ , بۆیە ئەحمەد پاشا یارمەتی زانستی و زمانەوانی (خەدزکە)ی داوە. ”

سێیەم , نالی –ئەستەمبوڵ

سەججادی لە لاپەرە (336) ی مێژووی ئەدەبی کوردی , دەنووسێت : ” حاجی قادری کۆیی لەگەڵ کەیفی شاعیر لە ساڵی 1854 بەرەو ئەستەمبوڵ دەچێت .” هەروەها هەر سەججادی لە لاپەڕە (246) ی هەمان کتێبدا , دەنووسێت : ” نالی لە 1830 دەچێتە حەج و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شام و لەو دەمەدا میرنشینی بابان دووچاری هەرەس دەبێت , سالمی شاعیر نامە و چامەیەکی بۆ دەنێرێت و تێیدا دەڵێت سڵەمانی کەکی گەرانەوەی نەماوە , بۆیە نالی شام بەجێدەهێڵێت و بەرەو ئەستەمبوڵ دەچێت , کەچی خەزنەدار 2003 , ل47 ئەو چوونەی نالی بۆ حەج دەگەڕێنەتەوە بۆ ساڵی 1851 هەروەها سەججادی باوەڕی وایە کە نالی ساڵی 1855 کۆچی دوایی کردووە .” کەچی خەزنەدار , دەنووسێت لە 1856 مردووە . بۆرەکەیی 2008 باوەڕی وایە نالی لە تەمەنی 83 ساڵی کۆچی دوایی کردووە , (بۆرەکەیی , ل575) حاجی قادریش لە تەمەنی 77 ساڵی لە ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی کردووە , (سەججادی , ل 336)
کەواتە لەنێوان ساڵانی 1854 و 1855 کە حاجی قادر و نالی ئاوارە بوونە لە باکوور , بۆیە دەپرسین : دەبێ ئەو زاتانە یەکتریان بینی بێت ؟ ئەو یەکتربینە زۆر گرینگە, چونکە لایەکی شێوە شیعری نالی لە ئەستەمبوڵ پیشان دەدات! مارف خەزنەدار 2003 , ل47 لە وەرامی ئەو نیگەرانیە دەڵێت : ” حاجی قادر لە دە جێگە لە شیعری ناو دیوانیدا یادی نالی کردۆتەوە و بە چاوێکی بەرز تەماشای کردووە و بە گەورەی شاعیران ناوی بردووە .”
لە پرسی لە دایکبوونی نالی دا زۆربەی توێژەرانی وەك سەجادی و خەزنەدار و مەسعود موحەمەد و موەدریس زۆر لە یەك نزیکن، بەلام لە پرسی مردنی زۆر لە راستی دوورن ، چونکە نالی لە تورکیا –دوور لە چاوی خەڵکی باشوور مردووە.
لە هەمووش گرینگ تر , گەر سەججادی , ل 243 واتەنی نالی لە 1797 لە دایك بوو بێت , بۆرەکەیش واتەنی لە تەمەنی 83 ساڵی واتە

ساڵی1880 کۆچی دوایی کرد بێت , کەواتە هەموو ژاپەرینە کوردیەکانی باکووری کوردستانی وەك ژاپەرینی بەدرخان , عزەدین شێر لەوانەیە شێخ عوبێدەلاشی وەك حاجی قادری کۆیی (1892 مردووە) بینی بێت , چۆن دەبێ نالی ئەستەمبوڵ وەك نالی سلێمانی بوو بێت وەك نالی شام نەبێت؟؟؟
هەموو ئەوانەی مژووی ئەدەبی کوردیان نووسیوە , وەك عەلائەدین سەججادی -1952 , دکتۆر مارف خەزنەدار 2003 , سدیق بێرەکەیی (سەفی زادە) 2008, دکتۆر عزەدین مستەفا رەسوڵ 2012, چەند زانیاریەکی کەم لە سەر ژیانی نالی لە باکووری کوردستان یان ئەستەمبوڵ تێمار دەکەن , وەك :
1. سەججادی لە لاپەڕە 257ی (مژووی ئەدەبی کوردی) ئاماژە بێ ئەوە دەکات هەر سێ چاپی یەکەم 1931 و دووەمی 1948 و سێیەمی 1962 دیوانی نالی لای کوردی ژهێڕات بووە بە ناوی کوردی مەریوانی , عەلی سنەیی , گیو موکریانی , نەك باشوور , ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت , کە ئەو دیوانانە دەقی سلێمانی و شام و باکووری کوردستان لە خۆ گرتووە.
2. سدیق بێرەکەیی –سەفی زادە کە لاپەڕە 575-588ی بەرگی دووەمی (مژووی ئەدەبی کوردی)بێ نالی تەرخانکردووە. بە پێی سەفی زادە ئەم دەقە , کە لە دوا بەرهەمەکانی نالی یە لە باکوور دا , ئاماژە بەوە دەکات نالی زۆر پیر بووە , بە جۆرێك قژ سپی و چاو کز بووە وەك دەڵێت :
مووی سپی کردم بە شووشتن ئاوی عەینی شەرە شەگ
شەرە شەگ یەعنێ کە تێدا خێ بە خێ قەل بوو بە بەگ
3. دکتۆر مارف خەزنەدار , یەکێ لەو کەسانە بوو کە بە نالی ناس وەك عەبدەلکەریمی مودەریس و مەسعود موحەمەد حسێبی بێ دەکرا , نەك تەنیا کۆکەرەوەی دیوانەکەی نالی !
بە قسەی مارف خەزنەدار 2003 , ل46 نالی تەنیا 3 ساڵێك لە باکوور یا ئەستەمبوڵ بووە , ئەو باوەڕی وایە نالی هەتا ساڵی 1853-1854 لە شام بووە و لە 1856 کۆچی دوایی کردووە. هەروەها دکتۆر خەزنەدار , ل 46 باوەڕی وایە نالی لە ئەستمبوڵ بزر دەبێ !
4. دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسول
لە شێوەی ئەم دەقەی نالی –دا
فارس و کورد ە عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە
نالی ئەمێ حاکمی سێ مەکە , دیوانی هەیە
ئەم مەرج (زانینی زمانی دی) و پێوەرە , نالی ئەستەمبوڵی وە لێکردووە , کە چوار زمان بزانێت , ل 7-8 و شیعرەکە وای لێدێت:
فارس و کورد و عەرەب و تورك هەر چوارم بە دەفتەر گرتووە

نالی ئەم حاکمی چوار مەکە , دیوانی هەیە.
هایەکەی خەزنەدار ناراستەوخۆ لای دکتۆر عزەدین و بۆرەکەیی و مەسعود موحەمەد و مەلای گەورە هەتدەکرێتەوە , چونکە نالی بە 3 ساڵی فڕی تورکی نابێت و شیعری پێ بنووسێت , یان مەلای گەورە واتەنی بە 56 ساڵی ئەوەندە پیر بێت ؟؟ یان نالی واتەنی هێش سپی و چاو کز بێت!

نالی و میرانی کورد

بۆچی نالی – ئەستەمبۆل بۆوە نالی- سلێمانی , نەك نالی –شام؟

نالی لە پاش چوونی یەکەم بۆ حەج , ماوەیەك لە شام بووە , لەوێ لە هەقی دەسەڵاتی تورکی بۆتە ناسیۆلیستێکی فیودالی , شەڕکی کەلامی لەگەڵ هەڵگری ستەمی نەتەوەیی تورکی کردووە , بەمجۆرە دەقەکانی شام بوونە هەڵگیرسێنەری نۆستالیژیا و ناسیۆنالیزمی کاردانەوەی کوردی .
چوونی نالی بۆ ئەستەمبۆل و مانەوەی لەوێ وەك هەوارێکی تر لە وڵات , نالی لە بەر چەند هۆکارێك گەیاندیەتەوە بۆ نالی سلێمانی دیندار و غەزەڵنووس :
1. هەوڵستی ئەحمەد خانی
دکتۆر عزەدین مستەفا 2008 , ل 112 کۆپلەشیعرێکی خانی دەگوازێتەوە :

هابت ژ مەژی جیهان پەناهەك
پەیدا ببیتن مە پادشاهەك
شیری هونەرا مە بێتە دائنین
قەدری قەلەما مە بێتن زانین
لە نەزەر خانی میری کورد مشەن , بەڵام ئەوانەی داوای دەوڵەت دەکەن , کەمن . هەفیق صابریش لە(بەرەو مژوو) دەڵێت " مژووی کورد ناوچەگەرییە , نەك سەرتاسەری " هەروەها ئەو میرانەی خانیش " قەدری ئەهلی قەڵەم ناگرن"

2.ناتەیایی میرانی کورد

موحەمەد ئەمین زەکی 2000لە ل 158-9 دەگوازێتەوە کە عەبدلرەحمانی بەبە چەند جارێك شەڕی والی بەغدا ی کرد , بەڵام خالدی برای بووە هۆکاری فەشەلەکەی " هەروەها نووسەر لە هەمان کتێبدا, ل 163-4 ئاماژە بە هەوڵی ئەحمەد پاشای بەبە دەدا بەوەی هێزێکی گەورەی بەرانبەر سوپای عوسمانی ئامادە کرد , بەڵام بە هۆی خیانەتی

مەحمود پاشای مامی فەشەلی هێنا . ئەو مەحمود پاشایە پیاوی عەجەم بوو وە عەبدوڵڵا پاشای برای پیاوی بەغدا (دەوڵەتی عوسمانی)بوو!!" هەر ئەویش بوو لە هەرای 1844 کودەتای لە سەر ئەحمەد پاشا کرد و هاتە جێی .
زانینی ئەو ڕاستیە تاڵە وای لە عەلائەدین سەجادی 1959کردووە , کە لە لاپەرە41ی کتێبی (شۆرشەکانی کورد و کۆماری عیراق) بڵێت : " بایانیەکان لە نێو خۆیاندا بەرئەبوونە یەك , برا , برای ئەکوشت , مام , برازای سەر ئەبڕی !!" دکتۆر ڕەفیق صابریش لە کتێبی (بەرەو مۆژوو) دا دەنووسێت : میرەکانی بابان (ماڵباتی میرەکان)سلێمانیان کردبووە شوێنی تەاتێنی سوپای عوسمانی و قاجاری! کەواتە کوردستان خاوەن مۆژووێکی سەرتاسەری نییە, بەکو ناوچەگەرییە!
لە لایەکی تر , خیانەتی میرانی کورد لە باکووریش لە یەکتر, خاڵکی دی ساردکردنەوەی نالی بوو لە بزاقی ناسیۆنالیزمی . بەدرخان پاشا لە باکوور بە دەسیسەی مسیۆنەرەکان لەگەڵ عوسمانیەکان کەوتە شەڕەوە , عزەدین شێری (برازای , خزمی , نەیاری) لەگەڵ لەشکری کەوتە لێدانی بەدرخان پاشا هەتا پاشا خۆی و دوو کوڕی بە دیل گیرت و لە وڵاتی کوردان نەفی کردن!
موحەمەد ئەمین زەکی لە لاپەرە 167 باس لەوە دەکات , کە عزەدین شێری ڕەقیبی بەدرخان لە پاش ماوەیەك ئەویش لە دەوڵەتی عوسمانی یاخی بوو , بەنام " یاخیبوونەکەی " ئەو لە ساڵی 1864 کوژێندرایەوە."
ئەو ململانێ کوردییە ، نالی لە شیعری شۆرشگێری سارد کردەوە و جارێکی تر بەرەو (نالی –سلێمانی) گەرایەوە .
ئەو دوورکەوتنەوە یە لە دەقی ناسیۆنالی کوردی , مەسعود موحەمەد وێنەیەکی نالی دیندار لە تەمەنی پیری دا بگوازێتەوە : سدیق بێرەکەیی –سەفی زادە 2008 , لە ل575 دەنووسێت : " مەلای گەورە بە زۆر پیری نالی لە حەج بینیوە , ەنگە تەمەنی هەشتا ساڵ بوو بێت …" کەچی سەجادی 1952 لە مۆژووی ئەدەبی کوردی دا دەبڕێت نالی –سلێمانی لە تەمەنی 33 ساڵی واتە 1830 بەرەو حەج دەچێت , کەواتە نالی –سلێمانی لە گەنجی و نالی – ئەستەمبۆلی , لە پیری چێتە حەج . کەواتە نالی بە لای کەمیەوە دوو جار حەجی کردووە : جارێك لە گەنجی جارێك لە پیریی .

پوختە

نالی ، رابەری شیعری کلاسیکی کوردی لە بەر دوو هۆکار :

1.ململانێی میرانی کورد لە سەر یەکتر نەخوێنەوە،
2.ستەمی سەرانی عوسمانی لە کوردستان
واز لە هەوتی هزری و سیاسی بێنێت ، ژیانی خێی لە دینداری کورت بکاتەوە ، بۆیە لەوانەیە (حاجی قادری) نەبینیبێت چونکە لە ناو (بەدرخانییەکان) بووە ، حاجیش تەنیا لە دووڕەوە شەیدای شیعرەکانی بووبێت .
ئەو دینداریە دوور لە سیاسەتە لە بیستەکانی سەدەی بیستەم دووبارە بۆوە . کەسێکی وەك مەلا سەعیدی کوردی نەك هەر لە ڕەوتی کوردایەتی دوور کەوتەوە بەڵکو ناوەکەشی گۆڕی بێ (شێخ سەعیدی نورسی) هەروەها هەحمی هەکاری، نوێکەرەوەی شیعری کوردی لە باکوور تەواو شوێنپێی نالی و نورسی بکەوێت !
هەروەها بە پێی ئەم شیکارییە (نالی) بە لای کەمەوە دوو (حەج)ی کردووە هەروەها نالی لە ئەستەمبێل لە کاری میری فەرمانبەر بووە . لەوانەیە ئەو کارەش کاری ئایینی بێ .

سەلام ناوخۆش \ مامۆستای زانستگا

جگر یان شریک … کارا فاتح

کە دەوڵەت لە فەرمۆ مەدەنیەکەیدا لە عەقڵی ئەماندا جگر نەبووبێت، لە بەرەوبردنەوە بووبێتە خەسپاندن، لەپرسراوێتی لە خزمەتکردنەوە بووبێتە هەموو شت بێ خزمەتی خۆت، ئیتر نەك چەمکە ئەکادیمی، یاسایی، سیاسی و کارگێیەکان، بگرە چەمکە زۆر ئاشناکانیش لە بیرکردنەوە و دەماغی تەماعکارانەی ئەماندا دەبن بە مەخسەرە.
قوباد تاڵەبانی جگری سەرکی حکوومەتە، هەموو کەسکی خوێندەوار یان نەخوێندەوار، یان هەر کەسێك لە هەر ئاستێکی هەشیاریدا بێت دەزانێ جگر مانای چی: ١- لە غیابی بەڕێوەبەر/سەرکدا وەك بەڕێوەبەر/سەرکی کار دەکات و هەموو کارەکان ئادەپێنێت. ٢- لە ئامادەبوونی بەڕێوەبەر/سەرکیشدا فشاری سەر بەڕێوەبەر/سەرکی کەم دەکاتەوە و بۆ پێی ڕێکاری یاسایی لەپرسراوێتیی هەندێ کاری دەگرێتە ئەستۆ. ٣- لە کاتی مردن یان دەستلەکارکێشانەوەی بەڕێوەبەر/سەرکدا بۆ شوێنکی کاتی ئەرکەکانی ئادەپێنێت…

کارکردنی قوباد تاهیرباني وەک جێگری سەرۆکی حکوومەت لە کوردستانی ئێران تێگەیشتنێکی سادەیی بە جیهانە: لە زەریای سەفەرکاندا هاوشانی سەرۆکە، لە واژۆکردنی زەریای گرێبەستەکاندا ئامادەیە، ئەنگوستێک هەندە بە یاری سەرێک، بە بەکاوتن لەگەڵ جێگر و وەرگرتنی بڕچوونی دەرنەچێت، هەموو ئامانیش مانای جێگر بە ئێم پستە بێتاقەکانەوە و دیکانە شریک... شریک چییە؟ پشکپشکنەیە، پشک لە خڕوبڕی دەستبەسەرداگرتنی پستدا، دابەشکارییە لە سامانی بردەست و بەدەستهێنان یان دەستدرێژیکردنە سەر سامانی ئەوانی تر... بە کورتی سەرێک و جێگر دەکرێت بە عەقڵی دامەزراوەیی و ئیداری کار بکەن و خزمەت بکەن، بەڵام دوو شریک تەنها بە عەقڵی بڕژەوەندیخوازی و زەرترین بردنەوە و قازانج... دوو شریک هەمیشە کاری یەک تەواو ناکەن، بەڵکو یەک کار دەکەن و هەر یەک چاوی لە پشکی خەیاتی... دوو شریک لە دوو ڕوگاوە دەچنە سەر یەک غەزنە و هەرچییەک بێت، چ قازانج یان دەستکەوت یان تاهانی بە پڵی مەنتیقی هەز بەشی دەکەن، دوو شریک لە کاتی دەستکەوت و قازانجدا کەک و تەبان، لە شکستیشدا بەرپرسیارێتیی هەڵناگرن و لەناو کەشی شراکەت و یەکتر تەماتبارکردن و بارودۆخدا ونی دەکەن.

نەچیرڤان بارزانی لە هەر کوێ بێت، قوباد تاهیربانییش لەوێیە، کەواتە کە کاری هەبوو و بە کەڵکی بە جێ هێشتوو؟ وەڵام کەسیان کاریان نییە تا بە ئاوی تریان بە جێی بهێڵێت... ئەوان کار ناکەن، ئەوان تەنها خاوەنداری دەکەن... ئەوان خەیان بە خاوەنی هەموو شت دەزانن بە خزمەتی خەیان، نەک بە لێپرسراوێتی، ئێم لێژیکە بە لێپرسراو و بەڕێوەبەری بچوکترین بەشی دائیرەی حکوومەتکەیان دێتە خوارەوە، ئاوەی دەبێتە مودیر، خەی ساحەب ماڵە، ئەتەمبەل و هەموو شتێکی دائیرە بە بڕژەوەندیی بە کار دەهێنێت، وەک ماڵی خەی دەچێتە سەر کورسی و کەی بوەت دەری دەکات و کەی ویست دەیهێنێتە لای خەی.

ئاگەیەنراوی بەشک لە

□□کخراوەکان و چالاکانی مەدەنی لەپ□ناو ئازادکردنی (ئەسعەد شاوری)

ب□/ دەزگا ئەمنی و لایەنە پەیوەندیدارەکان
□ای گشتی و □□کخراوە ناوخ□یی و بیانییەکان

(ئەسعەد شاوری) چالاک□کی مەدەنی کارا و پشتیوان□کی سەرەکی □□ژئاوا و پارچەکانی تری کوردستانە، بەشداری چەندان کاری خ□رخوازی و مر□ڤدۆستی کردووە و دواترینیشیان ک□کردنەوە و گەیاندنی ک□مەک و هاوکاری بوو ب□ زیانل□کەوتووانی بوومەلەرزەکەی شاری کرماشانی ئازیز و دەوروبەری. بە□ام لەبری □یزگرتن و پاداشتکردنی؛ لە دوانیوە□□ی 2/12/2017 وە لە ناو شاری سل□مانی شو□نبزر کراوە! ئ□ستا ب□مان دەرکەوتووە کە لای دەزگا ئەمنییەکانی شاری سل□مانی دەستبەسەرە، بەب□ ئەوەی هیچ پاساو□ک و تەنانەت هیچ □وونکردنەوەیەکیش لەسەر ه□کاری دەستگیرکردنی بدر□ت. لەو چوارچ□وەیەدا ئ□مە وەک چالاکانی مەدەنی و □□کخراوەکان و هاو□□ و د□ستانی کاک ئەسعەد، □ای گشتی و دەزگا ئەمنییەکان و □□کخراوە ناوخ□یی و بیانییە پەیوەندیدارەکان لەم چەند خا□ە ئاگادار دەکەینەوە:-

1. ش□وازی دەستگیرکردن و □فاندنی کاک ئەسعەد تەواو پ□چەوانەی یاسا و بنەماکانی مافی مر□ڤە، ئەمەش ب□تە ه□ی ب□اوکردنەوەی ترس و د□ەا□وک□ لای خەڵکی و جار□کیتر سەلم□نرایەوە کە ئاسایشی تاک و ک□مەڵایەتی نەک هەر بوونی نییە بەڵکو لە ژ□ر مەترسی گەورەدایە، دەب□ت هەرچی زووە ک□تایی بەو کارە نایاساییانە بهێنر□ت.
2. بەکارهێنانی ئەو تاکتیک و ئ□پەراسی□نەی لە □فاندنی کاک ئەسعەد بەکارهێنراوە، بە ئەوپە□ی ئیهانە بە دامودەزگا ئەمنیی و قانونییەکانی شاری □انیە و تەنانەت هەموو خەڵکەکەی دەزانین، هەمەتی لەو ش□وەیە تەنها شایستەی ئەوانەیە کە بە کاری تیرەرستی و خیانەتی نیشتیمانی تەمەتبارن، نەوەک خەڵکانی د□س□ز و نیشتیمانپەروەر.
3. سەلامەتی گیانی و جەستەیی کاک ئەسعەد لە ئەست□ی دەزگا ئەمنییەکانی شاری سل□مانیدایە، لە ئەگەری هەر ئازاردان□ک و کار□کی نەخوازراو بەرامبەری، دەب□ت بەرپرسیار□تییەکەی لە ئەست□ بگرن.

4. هۆشداری دەدەین لە ئەگەری بەلادابردنی دۆسیەیی کاک ئەسعەد، دروستکردنی هەر سیناریۆ و تۆمەتێکی بێبنەما بەهەر مەبەستێک بێت رەتدەکەینەوە، چونکە ئێمە گومانمان لە پاکی و دڵسۆزی کاک ئەسعەد نییە.
5. ماوەی تەنها 48 کاتژمێر دادەنێین بۆ ئازادکردنی کاک ئەسعەد و گەیانەوەی بۆ ناو هاوشاریان و کەسوکار و ئازیزانی، بەپێچەوانەوە هۆشداری دەدەین لە ئەگەری ڕوودانی کاری نەخوازراو و دەرچوونی بارودۆخەکە لە دەستی خەڵکانی مەدەنی، ئەمەش پاشپشت بە خوێندنەوەی جددیمان بۆ ئەو واقعە کۆمەڵایەتییەی کە تیایدا دەژین و لەبەرچاومانە.

لەگەڵ ڕێزدا…

بەشێک لە ڕێکخراوەکان و چالاکانی مەدەنی
5/12/2017
ڤانیە